# ژویسانسەکەی دزیم!

## لێکۆڵینەوەیەکی لاکانی دەربارەی جێندەر لە کۆمەڵدا



ستیفانی سوەیلس

و. بۆتان بەختیار

# پوختە

ئەم نوسینە ڕچەیەکی لاکانیی ڕووەو کاری بەکۆمەڵ، و بەتایبەت چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکییە جێندەرییەکان لە هەیکەلی کۆمەڵ(گرووپ)دا، دەگرێتەبەر. تیۆری لاکان لە سێ ئاست و شێوەدا، تێگەیشتنمان بۆ چۆنیەتیی چارەسەرکردنی کۆمەڵ دەوڵەمەندتر دەکات. یەکەم، تیۆری سوبێکتیڤیتەی ژنانە(feminine) و پیاوانە(masculine) لای ژاک لاکان، بۆ دوو ڕەگەزی بایۆلۆژی کورتناکرێنەوە. هەردووک چەمکی ژویسانسی فالوسی(فالیک) و ژویسانسەکەی **تر**[1] هاوجووت لەگەڵ چەمکانی سوبێکتیڤیتەی ژنانە و پیاوانەدا باسدەکرێن، ئەویش لەپێناو ڕوونکردنەوەی چۆنیەتیی مانیفێستبوونیان لە پرۆسە بەکۆمەڵەکاندا. دووەم، تیۆری سوبێکتیڤیتەی لاکان و پەیوەستێتیی وی بە زمانەوە، پاڵپشتی بیرۆکەی بنیاتنانی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی نۆرمە جێندەرییەکان و قازانجی هەڵوەشانەوەشیان لەپێناو تێگەیشتن لە ناکۆکییەکان لەگەڵ **ئەویتر**دا، دەکات. سێیەم، تیۆرە لاکانییەکە زۆرێک لە ستریۆتایپەکانمان کەشفدەکات کە بە شێوەی (دووبارەبوونەوەی چەندقات) لەچێوەی وەسواس-پیاوانە و هیستریا-ژنانەدا شکڵیانگرتووە. بەکورتی باسێک لە وەسواس و هیستریا دەکەم. ئەم سێ ڕەهەندەی تیۆرەکەی لاکان بە یارمەتیی نمونەی ناو کۆمەڵەکان باسدەکەین، لەپێناو ئەوەی پیشانیدەین کە چۆنچۆنی لێکدانەوە بۆ پرۆسە بەکۆمەڵەکان لەڕێی هاوێنە [لاکانییەکەوە]، کێشەکانی جێندەرمان لەناو کۆمەڵدا بۆ ڕۆشندەکاتەوە.


**وشە کلیلییەکان:** جێندەر، لاکان، دەستنیشانکردن(diagnosis)، دەروونشیکاری، پیاوێتی، ژنێتی، چارەسەری کۆمەڵ.

[1] **Other** jouissance

له گۆشەنیگای دەروونشیکاریی لاکانەوە، پێکهاتنی کۆمەڵ پێوەند بە شوناسە جێندەرییەکانی ئەندامەکانیەوە، کاریگەری دەخاتە سەر ناوەڕۆک و دینامیکیەتی ئەندامەکانی، ئەویش لە سێ شارێدا: (ئـ) باسکردنی چەمکاندنی کۆمەڵایەتیی ڕۆڵ و جیاوازییە جێندەرییەکان، (بێ) دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان ئەوەی لاکان پێیدەگوت پێگەی بونیادیی ژنانە و پیاوانە، (پێ) دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو پێگە بونیادییە عوسابییەکە(وەسواس و هیستریا). لەم نوسینەدا، بەکورتی باس لە تیۆری جیاوازییە ڕەگەزییەکان و وەسواس و هیستریا لای لاکان دەکەم، لەپێناو کنەکردنی ئەو سێ جێوڕێیەی کاریگەری دەخەنە سەر شوناسە جێندەرییەکان لە کۆمەڵدا. سەربارخستنەکانی لاکان بۆ دەروونشیکاری، خۆیان لە زمانناسی(بەتایبەت هی سۆسێر و یاکۆبسن) و فەلسەفەی قاڕەیی(بەتایبەت لای ئەفلاتوون، ئەرستۆ، کانت، هیگڵ، مارکس، مێرلۆپۆنتی، سارتەر و هایدیگەر) تا دەگاتە فرۆید، دەبیننەوە. هەروابێتەوە، تیۆر و پراکتیکی دەروونشیکاریی لاکان تیشک دەخەنە سەر بونیاد و سنورەکانی زمان و کاریگەرییەکانیان لەسەر سوبێکتی مرۆیی. لەم پنتەوە، لاکان تیۆریزەی ئەوە دەکات وا هەر مرۆڤێک، پێگەیەکی بونیادیی بەشەکیی ئۆنتۆلۆژیی پەیوەست بە **ئەویتر**[2]ەوە داگیردەکات(بۆنمونە زمان، **ئەویتر**ی ناو خێزان، فیگەرەکانی دەسەڵات، یاسا و نوقسانیی بوون لە ئەویتردا). دەستنیشانکردنە بنیادییەکانی لاکان، کە پێچەوانەی سیستەمی دەستنیشانکردنی تێکچوونە دەروونییەکانی ڕێکخراوی دەروونپزیشکیی ئەمریکییە، ڕێ خۆش دەکات بۆ دەستنیشانکردنێت وا ئاڕاستەی چارەسەرەکان دەکات و چارەسەرکەرەکەش دەخاتە پێگەی گواستنەوەوە. سێ پێگە بونیادییە دەسنیشانکراوەکە ئەمانەن: دەروونپەشێوی(سایکۆسیس) و لادان و عوساب(نیورۆسیس). هەریەک لەمانە مامەڵەکردنن بە لەخۆنامۆبوون، جیابوونەوە و خەسانەوە(سنوردانان لەسەر ژویسانس یان لیبیدۆی یەکێک).

---

[2] ، لە کۆی نوسینەکدا هەوڵمانداوە چەمکی **ئەویتر** بە فۆنتی **تۆخ**(کەپیتاڵ) دانێینەوە چونکە لە دەروونشیکاریی لاکاندا **ئەویتر** زۆرجار دەلالەتە لە ئەویتری گەورە، یان ئەو **ئەویترە**ی کە کورتنابێتەوە بۆ تاکەکەسێکی ڕۆژانەیی. ئەو کاتەشی ئەویتر بە تۆخی ئاسایی یان تەنانەت فۆنتی ئاسایی دێت، و مەبەست لە تاکەکەسە ڕۆژانەییەکەیە، ئەوا هێشتاش بۆ ئێمە بەتەواوی جڵەوناکرێت و خەرەندی ئەویترێتی دەکەوێتە نێوانمانەوە- و

## سوبێکتی ژنانە و پیاوانە

هەروابێتەوە، لاکان ڕەگەزە بایۆلۆژییەکان بە شوناسە جێندەرییەکان یەکساننـاکات. لە سیمیناری بیستەمیدا(دەربارەی سێکسوالیتەی ژنانە، سنورەکانی عەشق و مەعریفە)، لاکان ئارگۆمێنتی ئەوەی خستەڕوو وا، جیاوازیی نێوان پیاوێتی و ژنێتی هیچ ڕەپتێکی بە ئاناتۆمی[ـی لەش] و هۆرمۆنەوە نیە و، کاتێ کەسێ لەڕووی بونیادی و ئۆنتۆلۆژییەوە پێیدەگوترێت پیاوانە یان ژنانە، ئەوا ڕەپتی بە گرێی خەسانەوە هەیە کە زوو دێتە نێو ژیانیەوە. بە لای لاکانەوە، جیاوازییە سێکسوالەکان کۆمەڵێ بەرامبەرکێ و دژبەریی جێگیری ڕەمزی نین. بەڵکو یەکێ لەو ڕێگایانەی وا لاکان بۆ ئەم مەبەستە خستیەڕوو، جۆری ئەو ژویسانس(چێژ-زێدەچێژ)ـەیە وا سوبێکت دەچێتە ناوی. سوبێکتی ژنانە ئەزموونی ژویسانسی فالوسی دەکات و، ئیمکان و پۆتانشێڵی ئەوەی هەیە ئەزموونی ژویسانسەکەی **تر** بکات. لە کاتێکدا سوبێکتی پیاوانە، تەنیا دەتوانێت ئەزموونی ژویسانسی فالوسی بکات. ژویسانس چەمکێکی فەڕەنسیی لاکانییە وا ئەستەمە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی پاچڤەیبکەین[3]. ڕەنگە نزیکترین وشە لێیەوە چێژ(enjoyment) بێت، بەڵام ئەمە دیوە سێکسییەکەی چەمکەکە ونءەکات، چونکە بە مانای ئۆرگازم(ڕەحەتبوون)یش دێت. هەروەتر، ژویسانس چێژی ڕووت نیە بەڵکو تێکەڵەی چێژ و ژانـە. زۆرجار تاک وا هەستدەکات کە [ژویسانس] دڵەڕاوکێهێن، سنورشکێن و بارێکی قورسە وا تەحەمولناکرێت. لە زاراوەناسیی باودا، دەستلێهەڵگرتن کەمێک لێیەوە نزیکە و هاوتای چەمکی لیبیدۆی فرۆیدە. هەردوو سوبێکتی ژنانە و پیاوانە، ئەزموونی ژویسانسی فالوسی دەکەن. ژویسانسی فالوسی، تایپێکی چێژی زۆر و توندە وا لەڕێی وشەوە دەردەبڕدرێت و بەم جۆرە بەشێکە لە تەقەڵڕێژییەکانی نەزمی

---

[3] وەرگێڕان و پاچڤەکردنی ژویسانس بۆ کوردییش هەروا سادە و سانا نیە. ژویسانس بە سادەیی دەلالەت نیە لە چێژ بەو مانایەی لە عەقڵی باودا هەیە. بەڵکو ژویسانس ناوکە تراوماییەکەی چێژە. لاکان خۆی ئاگای لەم کێشەیە هەبوو، بۆیە بە باشی دەزانی هەر چەمکە فەڕەنسییەکە دانرێتەوە. ڕەنگە هەر هەوڵێک بۆ بەکوردیکردنی ئەم چەمکە، برێک چەمکەکە هەژار و کڵۆڵ بخات و لە بارە ماناییەکەی داشکێنێت. گەر لە جێیەکیشدا چێژ و زێدەچێژ هات، ئەوا هەمان سیاقی ژویسانسی مەبەستە-و.

ڕەمزی(کە ئەمیش نەزمی زمان و ئارەزووە). هەروەها، ژویسانسی فالوسی دەپێوڕێت و سنوردار و پچڕاویشە. لە لایەکی ترەوە، ژویسانسەکەی **تر**-کە فۆرمولاسیۆنێکی تایبەتی لاکانە و هاوتایەکی لەلای فرۆید نیە- ناگوتاری(nondiscursive)یە و لە نەزمی ڕەمزیدا نانوێنرێتەوە.

## ژویسانسی فالوسی

ژویسانسی فالوسی، پەیوەستە بە چەمکی (فالوس)ـی لاکانەوە. هەرچەندە باسکردنی دیوە ڕەمزی و خەیاڵییەکانی فالوس لەودیو تواناکانی ئەم نوسینەوەن، بەڵام هێند بەسە فالوس وەک دالێکی ڕەمزی وەرگرین؛ دالی ئارەزوو و نوقسانیی **ئەویتر**. مادەم پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوول پەیوەندییەکی ناجێگیر و هەڕەمەکییە و وەستاو و پتەو نیە، ئەوا مانای پڕاگماتی هەمیشە جیاواز و پاشکەوتوو(تاخیر)ـە. سەرەنجام، هیچ حەقیقەتێکی ڕوون یان چەسپیوی زمان بوونی نیە. لاکان بەم جۆرە دەڵێت نەزمی ڕەمزی لە نوقسانییەکی بنەڕەتی پێکهاتووە-نوقسانییەک وا لەڕێی فالوسەوە دەلالەتی لێ دەکرێت، یان دالی نوقسانیی **ئەویتر**؛ هەر ئەم نوقسانییەیە وا ڕێ بۆ ئارەزوو خۆشدەکات. لە سیمیناری بیستەمدا و دەرهەق بەم نوقسانییەی **ئەویتر**، لاکان دەڵێت فالوس بەتوندوتۆڵی پەیوەستە بەو بەربەستەوە وا لەنێوان "ئەوەی دەیڵێین" و "ئەوەی دەمانەوێت(مەبەستمانە) بیڵێین"، خوڵقاوە. لەبەرئەوەی وشەکان بەس نین. ڕێم بدەن با بە دەربڕینێکی تر بیڵێم: بونیادی زمان هەر خۆی وا دەکات وشەکان هەمیشە شکستبێنن لە دەربڕینی خودی خۆماندا. فالوس وەک دالی ئارەزوو، دەلالەت لەوە دەکات [کە وتم] چونکە ئارەزوو خۆی لە زماندا بەیاندەکات، بەربەستێک هەیە لەنێوان ئەوەی دەمانەوێت بیڵێین و ئەوەشی وا تێر و قایلمان دەکات. ئەوە لەبەر سرووشتە میتۆنۆمی و کۆتانەهاتووەکەی ئارەزووە کە، هەمیشە شتێکی ترمان دەوێت و قەت تێر نابین. هەر لەبەر ئەمەیە زۆرجار خەڵک بە هاوەڵە ڕۆمانسییەکەیان دەڵێن "ئەوەی ویستم گوتم، بەڵام مەبەستم ئەوە نەبوو" یان "ئێستا ئەمەم هەیە، [بەڵام] ئەوەشم دەوێت". ئاواهی، ژویسانسی فالوسی پەیوەستە بە ئارەزوو، نوقسانی، ئەو

کەرتبوونەی سوبێکت وا بە هۆی زمانەوە ڕوویداوە و بە خەسانەوە(واتە دەستهەڵگرتن لە بڕێکی دیاریکراوی ژویسانسی جەستە، ئەویش لەپێناو چوونە نێو پانتایی ڕەمزی و ناسینەوەدا). ژویسانسی فالوسی تێربوونێکە وا سەربەرامبەری ئارەزووە، ئەمەش لەخۆیدا بێهیواکەرە. ژویسانسی فالوسی لە تێرکردنی یەکجارەکیماندا شکستدێنێت و، هەمیشە زیادەیەک دەهێڵێتەوە بۆ ئارەزووکردن. ڕێگەیەکی تر بۆ پێناسەکردنی ژویسانسی فالوسی، کورتکردنەوەی هاوەڵە ڕۆمانسییەکەمانە بۆ ئۆبێکتی (a)- ئۆبێکتێک کە هۆکاری ئارەزووکردنمانە. سوبێکت لەجیاتیی ئەوەی ئارەزووی هاوەڵەکەی بکات بەو شێوەیەی کە هەیە، ئارەزووی دیوە کەمەندکێشەکانی دەکات: بۆنمونە زیرەکی، بەشێکی جەستەی، شێوەڕوانینی ئەو لە ئەم، سەرکەوتووبوون و هتد. چێژوەرگرتن لە بچوککردنەوەی هاوەڵەکەت، چێژوەرگرتنێکی پیاوانەیە. بە دەربڕینێکی تر، هەرچەندە ژویسانسی فالوسی لەلایەن ژن و پیاویشەوە ئەزموونەدەکرێت، چێژوەرگرتنی لەو جۆرە چێژوەرگرتنێکە وا لاکان پێی دەگوت پیاوانە[4]. لاکان پێیوابوو ژویسانسی فالوسی پیاوانەیە، بەپێچەوانەی ژویسانسی ژنانە[5]وە، چونکە ژویسانسی فالوسی تاکە ژویسانسە سوبێکتی پیاوانە دەستی بیگاتێ. لە کۆمەڵدا(بە هەموو شوناسە جێندەرییەکانەوە)، عادەتەن دەربارەی سنورداری و شکستی ژویسانسی فالوسی دەبیستین. ئەوان پێیانوایە هەرگیز بەتەواوی دانیان پێدا نانرێت، بەوە قایل نین کە هەیانە و هەردەم زیاتریان دەوێت، [چێژ]ـی دەرمان و کحول یان وەرزشەکان کاتی و کورتخایەنن، بەو جۆرە پێوەندیی سێکسی نابەستن کە خۆیان دەیخوازن، یان کاتێ پلەیان بەرزدەکرێتەوە هێشتا هەست بە ناقابیلی دەکەن و داوای بەرزکردنەوەی زیاتر دەکەن. بەکورتی، وان گلەوگازندەی ئەوە دەکەن، هەر شتێکیان پێ بدرێت لە ژیانیاندا هێشتێ زیادەیەک دەمێنێتەوە بۆ ئارەزووکردن. ئەوان(بەژداربووانی ناو گرووپ و کۆمەڵ)، بە چەندین شێوە دەزانن کە تێربوونی هەمیشەیی بوونی نیە. ڕێگەیەکی باو بۆ خۆلادان لەم تێرنەبوونە هەمیشەییەی ئارەزوو، باوەڕهێنانە بەو وەهمەی گوایە ئەگەر ئەم شتە بکەن یان بەدەستیبێنن، ئەوا لە کۆتاییدا

---

4 masculine
5 feminine

دڵخۆش و خەنی دەبن. هاوتای ئەمە، زۆر خەڵک دەخوازن خۆ لە ژویسانس ببوێرن یان حسێبی بۆ نەکەن، ئەمەش ئەزموونێکی سوبێکتیڤە و تێکەڵەی ژان و چێژە (سەیرکردنی فیلمی ترسناک یان قوربانیکردن بۆ **ئەویتر**، ئەمانە نمونەن بۆ ئەو ساتانەی وا ژویسانس لە یەک کاتدا هەم لە ژان و هەم لە چێژیش پێکدێت). ڕێگەیەکی تر وا بەشداربووان دەیگرنەبەر بۆ دەلالەتکردن لە تێرنەبوونی هەمیشەییان، بڕواهێنانە بەوەی گوایە لەو دنیا لە یەکێتییەکی چێژبەخشدا لەگەڵ خودادا، دەژین. ڕێگەیەکی تریش خۆبواردن و دوورکەوتنەوەیە لە ئارەزوو(چەشنی هەندێ لە بوودییەکان). لەکۆتاییدا-ئیتر لە باسی ژویسانسی فالوسییەوە ڕووەو ژویسانسی تری ژنانە دەڕۆم-، وەهمێکی بەربڵاوی تر هەیە، گوایە تاک یان کۆمەڵی تر هەن کە تەواو دڵخۆشن و لە ژین و عەشقدا بەبەخت بوون. ئێمە پێمانوایە ژویسانس(چێژ)ێکی لەڕادەبەدەر لای **ئەویتر** هەیە، بەتایبەت ئەوانەی تەواو لە خۆمان جیاوازترن. ئەم وەهمە زۆرجار لەگەڵ ئەو ئایدیایەدا یەکدەگرێت گوایە ئەویتر ژویسانسەکەی ئێمەی دزیوە، یان ئیتر گەیشتووینەتە لێواری مامەڵەکردنەوە.

## ژویسانسەکەی تر

سەرەنجام، باوەڕهێنان بەوەی گوایە کۆمەڵێکی تر دەستیان بە ژویسانسێک دەگات لەودیو ژویسانسە فالوسییەکەی ئێمەوە، سەردەکێشێت بۆ ئیرەییبردن و پێشداوەری دەرهەق بەو کۆمەڵە. هەر سەبارەت بەم خاڵە، لاکان دەڵێت "دەشێ ئیرەیی بە شتێک ببەین لە ئەویتردا و تا ئاستی ڕق و قەلەپاچەکردن بیبەین". کۆمەڵانی خەڵک دەشێ سەر بە نەژاد، کەلتور یان ئایینێکی دیاریکراو بن، بەڵام خۆ دەشێ ژنیش بن. ئەویش چونکە "ڕەگەزەکەی **تر**"-ئەو ڕەگەزەی وا ژویسانسێکی وەسفنەکراوی هەیە- بۆ هەردوو سوبێکتی ژنانە و پیاوانەش، سوبێکتێکی ژنانەیە[سادەتر، ئەگەر بێتو سوبێکتێکی ژنانە یان پیاوانەمان هەبێ، ئەوا لەم حاڵەتەدا سوبێکتی بەرامبەر، هەمیشە ژنانەیە]. هەردوو سوبێکتی ژنانە و پیاوانە لەڕێی ژویسانسی ترەوە، دەتوانن

ڕقیان لە ژن(woman) بێتەوە و بیکەنە سوبێکتێکی ڕەزاتاڵ. بەس هەر بەدەقیقی، ژویسانسەکەی **تر** چیە؟

بەپێچەوانەی ژویسانسی فالوسییەوە، ئەو ژویسانسەی وا شکستمان پێ دێنێت چونکە دێتە ناو زمان و نەزمی ڕەمزی(نەزمێکی نوقسان)یەوە، ژویسانسەکەی **تر** داخڵی نەزمی ڕەمزی نابێت. ڕەنگە بتوانین بڵێین ژویسانسی تر دیوێکی سوبێکتی ژنانەیە وا (لەدەرەوەی پانتایی ڕەمزی)[6]یەوەیە، واتە لە پانتایی **ڕیاڵ**دایە. ***ڕیاڵ*** ئاماژە نیە بۆ [ئەو شتەی وا لە زەینی باودا پێیدەگوترێت] واقیع[7](reality). واقیع چەمکێکە دەلالەت لە بنیادە کۆمەڵایەتییەکانی مانا دەکات، بەڵام ***ڕیاڵ*** چەمکێکی ناگوتارییە، ئەمەش واتە ***ڕیاڵ*** ناخرێتە نێو چێوەی تێفکرین یان دەربڕین(وشە)ـەوە. سەبارەت بە ***ڕیاڵ***، لاکان دەڵێت "پانتاییەکە وا لەدەرەوەی ڕەمزاندنەوەیە"[یان لاکان دەڵێت ***ڕیاڵ*** هەر ئەوەیە وا بەرهەڵستیی ڕەمزاندن دەکات]. گەر ژویسانسەکەی **تر** ناگوتاری بێت، ئەی چۆن خۆی مانیفێست دەکات؟ لاکان بەردەوام دەیگوت ***ڕیاڵ*** بوونی خۆی لە دەرەوەی پانتایی ڕەمزییەوە قایمدەکات. بروس فینک[ـی دەروونشیکاری ئەمریکی] دەنوسێت:

تێڕوانینی لاکان بەم چەشنەیە، هەمیشە شتێکی نائاسایی، هەژمارنەکراو، شەرحنەکراو و یان مەحاڵێک لە زماندایە. ئەم مەحاڵە ئاماژەیە بۆ ***ڕیاڵ*** یان کاریگەرییەکانی ***ڕیاڵ*** لەنێو [زمان] و پانتایی ڕەمزیدا. ئەز ئەم مەحاڵە ناودەنێم "پێچ و نوشتانەوە"ی پانتایی ڕەمزی.

---

[6] Ex-sist

بەپێی زاراوەکانی لاکان، بوون بەهۆی **پیت** یان ڕەمزاندنەوە دەرەخسێت. دەتوانین بڵێین شتێک بوونی هەیە کاتێ بتوانین لەڕێی وشەوە دەریبڕین. چونکە هەر لەڕێی دەربڕینەوە واقیعی کۆمەڵایەتی دەرەخسێت. مادەم ***ڕیاڵ*** دەرنابڕدرێت و ناگوتارییە، ئەوا ناتوانین بڵێین بوونی هەیە(نوسەر).

[7] لە دەروونشیکاریی لاکاندا، بە واقیع دەگوترێت پانتایی ڕەمزی. ئەو درز و بۆشاییەی پانتایی ڕەمزی لەدەور درووسدەبێت پێیدەگوترێت **ڕیاڵ**. بۆیە دەتوانین بڵێین **ڕیاڵ** ئەو ناوکەی پانتایی ڕەمزییە وا لە واقیع واقیعیترە بەس ناتوانین هەروا ئاسایی بیکەینە هی خۆمان. بۆ تێگەیشتن لە هەندێ ڕەهەندی جیاجیای ئەم چەمکە ئاڵۆز و گرنگە، دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ بش و تەوەرەکانی سەرەتای کتێبی: خێچ ڕوانین، سلاڤۆی ژیژەک، و. وەلید عومەر، چاپکراوی ٢٠٢١ی ڕەهەند -و.

لەوەش زیاتر ئەمە وای لە لاکان کرد، سرووشتی ڕاستەقینەی ژویسانسی ژنانە وەک ئەزموونێکی ناڕوون و نادیار پێناسەبکات، ئەزموونێک وا قەت وەسفناکرێت. بە ئاماژەکردن بۆ پەیکەری قەدیس تێریزای لۆرنزۆ بێرنینی، هەر چەند ساتێکی کەم پێش ئەوەی بە تیرە ئاڵتوونییەکەی فریشتەکە جەرگی کونبکرێت، لاکان دەڵێت "سەیرکردنێکی یەکسەری، پێمان دەڵێت کە وی وا خەریکە دێت...چی شتێک سەرنجی وی کێشکردووە؟ ڕۆحانییەکان پێمان دەڵێن کە ئەزموونی دەکەن، بەڵام هیچ شتێکی لەبارەوە نازانن". لاکان نمونەی "دۆرا"ی فرۆیدیش دێنێتەوە، وەختێ بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لە میدیتەیشن(ئەکتی ڕۆحانی)دا، ئەزموونی ژویسانسەکەی **تر** و عەشقی دریسدن مادۆنای کردبوو؛ عەشقێک لەودیو ئارەزووەوە. ڕەنگە خەسڵەتێکی دیکەی ژویسانسەکەی **تر** چاوبڕینە خەرەند و نەبوون بێت، چەشنێک لە خواستی لەناوبردن. ئەویش لەپێناو ئەوەدا نیە وا جێی ئۆبێکتێک بە ئۆبێکتێکی تر بگرێتەوە، بەڵکو غایەتەکەی تەنیا لەناوبردنی ڕووتە. ئەو قەدیسە مێیینەشی وا باسمانکرد و دەستی لە هەمووشت هەڵگرتبوو، هێشتا پڕبوو لە ژویسانس. ئا بەم جۆرە، ژویسانسەکەی **تر** هەر ئەوەیە کە ژنێتی دەخوڵقێنێت. مادەم ژویسانسی تر بە فلتەری زماندا ناڕوات، ئەوا تووشی هەمان ئەو شکستانە نابێت وا تووشی ژویسانسی فالوسی دێن. لەکاتێکدا پیاو بەتەواوی لەنێو پانتایی ڕەمزیدایە، ژن نە تەواو لەناوەوەیە و نە لەدەرەوەش. ئاوها، ژن بە (W)ـی کەپیتاڵ و گەورەوە وەک جەوهەری ژنێتی، پێناسەناکرێت یان **بوونی نیە.** بوونی ژن، لە گوتار و ئیمکانی لێکۆڵینەوەیەکی ڕاستەوخۆ بەدەرە و سەرلێتێکدەرە، چونکە لەڕاستییدا ناتوانین شتێکی وای لەسەر بڵێین. سوبێکتی پیاوانە، ئەوەی وا لەنێو سنورەکانی ژویسانسی فالوسیدا گیریخواردووە، دەتوانین بڵێین چەشنە ئیرەییەکی تێدایە بۆ ژویسانسەکەی **تر.** سوبێکتی پیاوانە هەمیشە پێیوایە ژویسانس و عەشقێکی تر(عەشقێک کە وی پەیوەستدەکاتەوە بە سوبێکتێکی مێینەوە وەک **ئەویتر**، نەک وەک ئۆبێکتی a) لەودیو تواناکانی ویەوە هەن. سوبێکتی پیاوانە وا خەیاڵدەکات، پێیوایە سەروەختێ واز لە ژویسانسی فالوسی دێنێ، دەتوانێ دەستی بە چێژێکی کەمتردا بگات. بۆنمونە، لاکان دەیگوت وا هێشتا تاویستەکان بڕوایان وایە

"كە نابێ تۆماو[8]ـی یەکتر وەرگرن"، ئا بەم جۆرە دەستیان بە چێژێکی باڵاتر و زیاتردا دەگات. لەکۆتاییدا، لاکان دەیگوت گەر سوبێکتی پیاوانە بڕوای وا بێت کە بە دەستهەڵگرتن لە ژویسانسی فالوسی(ئەگەر شتێکی ئاواش مومکین بێت)، دەستی دەگات بە ژویسانسەکەی **تر**، ئەوا زۆر بەهەڵەداچووە؛ [سەرەڕای نامومکینبوونی ئەمەش] هەر لە هەوڵدان بەردەوام دەبێت. لە بەرامبەردا، ژن بە جیا لە ژویسانسەکەی **تر**، هیچ گەرەک نیە ژویسانسی فالوسی بکاتە قوربانی، بەڵکو دەتوانێت هەردوو ژویسانسەکەی لە یەک کاتدا هەبێت.

## چەمکاندنی کۆمەڵایەتیی ڕۆڵ و جیاوازییە جێندەرییەکان

ئەو کارە بەکۆمەڵانەی وا هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ یان "ڕەگەزگۆڕیو(transsexual)"یان تێدایە(ئیتر وەک ئەندامێکی ئاسایی یان وەک ڕێبەرێک)، باشترن بۆ ئەوەی کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەندامەکان لە ئاستی ڕۆڵ و جیاوازیی جێندەرییدا، شیتەڵبکەین. ئەگەر ڕەگەزی هەموو ئەندامان هاوشێوە بێت، ئەوا دەستنیشانکردنی کێشەکانیان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا، بۆ شیکارکەرەکە ئەستەم دەبێت. تیۆریی سوبێکتیڤیتەی لاکان و پێوەندییەکانی بە زمانەوە، پێمان دەڵێ چۆنچۆنی ژن و پیاو لە ئاستێکی مێژوویی و کەلتوریدا دەخولقێن. زمان، مانا(meaning) لە بنیادی ئەزموونەکانماندا دەڕسکێنێت. بە دەربڕینێکی تر، ئەو دالانەی بۆ باسکردنی ئەزموونەکانی خۆمان، ئەوانیتر یان جیهان بەکریاندەبەین، کاریگەرییان لەسەر ئاستی درککردنمان دەبێت. لەوەش زیاتر، مانای وشەیەک تەنیا مەحکوم نیە بە گۆڕان، بەڵکو ئەو وشەیە لە یەک کاتدا چەندین مانا دەخاتەڕوو. [کەواتە] بەرامبەرکێی ڕەگەزیی نێوان پیاو و ژن، ناسەقامگیر و وەهمئامێزە. ژنبوون یان پیاوبوون، هیچ مانایەکی سەقامگیر و

---

[8] cum

گشتەکی(گەردوونی)یان نیە. زۆرجار ڕەگەزکوێر و نێرەموکەکان نەزمی سۆسیۆکەلتوری(کۆمەڵایەتی-کەلتوری) تێکدەدەن. چونکە جیاوازییە جێندەرییەکان چەمکی ناو زمانن، یەکێ لە ڕێگەکان بۆ گۆڕین و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆڵە جێندەرییەکان لە کۆمەڵدا، گۆڕینی شێوازی قسەکردنیانە دەربارەی سێکسوالیتەی ژن و پیاو، یان نێر و مێ. گەر کارێکی لەو شێوەیە بکرێت، ئەوا سەرەتا پێویستە لەنێو گرووپەکەدا، ئەو پنتانە دیاریکەن وا جیاوازییە جێندەرییەکان دەڕسکێنن. ئەمەش کاتێ دەکرێت، ڕێبەری گرووپەکە هەستێت بە دەستنیشانکردنی پرسە کێشەدارەکان. بۆنمونە، من باس لە نەمانی پەیوەندیی عاشقاتیی "دەیڤد" دەکەم لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی گرووپەکەیدا:

دەیڤد بۆ ماوەی دووساڵ لەگەڵ هاوژینەکەیدا دەژیا، پێکڤە کەنیشکێکیان هەبوو. ئەوەڵین شت کە دەربارەی هاوژینەکەی پێشوی گووتی ئەوە بوو وا، وی لە تەنهاییدا زۆری خۆشدەویست، بەڵام لە جێیە گشتییەکاندا شەرمی لێ دەکرد. کاتێ پێکەوە لە ماڵەوە بوون، کەیفی شادبوو بە قسەکردن لەگەڵی و عاشقاتییان دەکرد. بەڵام کاتێ کۆبوونەوەی خێزانییان دەبوو، ئەمری بەسەردا دەکرد، سووکایەتیی پێ دەکرد و دەیویست وای پیشانبدات کە ئەو لە خوار ئەمەوەیە. دەیڤد ئالودەی هیرۆیین بووبوو، هەندێ جار چەند ڕۆژێک نەدەچووەوە ماڵ و لەو کاتانەدا خیانەتی لە هاوژینەکەی دەکرد. کاتێ دەیڤد بە تۆمەتی ماڵدزی گیرا، ئیتر پەیوەندییەکەیان کۆتایی پێ هات. کاتێ ئەندامانی گرووپەکەی پرسیاریان دەربارەی ئەو چەشنە مامەڵەیە لێ کرد لەگەڵ هاوژینەکەیدا، دەیڤد سەرەتا وتی کە هیچ هۆکارێکی قایلکەر شکنابات و هاوژینەکەشی لە ئاستێکی شەخسیدا لەگەڵی باش بووە. وێڕای ئەوەی ئەوانیتر چی [شتێکی باش]یان دەرهەق بە هاوژینەکەی گوتبوو، کەچی دەیڤد هەمیشە وای دەزانی ئەوانیتر لۆمەی دەکەن، چونکە لەگەڵ ئەودایە. ئەم پەیوەندییە، هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەپڵەکانی تریدا بیردەخستەوە(دووبارەکردنەوەی ناچاری!)، لە هەمووشی گرنگتر، دایکی بیردەخستەوە. دەیڤد ئەوەی بیرکەوتبووەوە، وا دایکی هەر لە منالییەکی زووەوە ئالودەی کحول و ماریوانا بووبوو، لە

تەمەنی دەساڵیشەوە هیرۆیین. ئیتر دوای ئەوەش دەستیکردبوو بە لەشفرۆشی لەپێناو پەیداکردنی پارە و هیرۆیین. پاشی ئەوە، دەیڤد ماڵی جێهێشتووە و لەگەڵ مامیدا ژیاوە. تووشی کارکردن دێت لەگەڵ مافیاکاندا، چونکە شەرمی دەکرد لەگەڵ دایکیدا بێت. و هەر کەسێکی بناسیبا یان سەردانی کردبا، ناسنامەی دایکی لێ دەشاردەوە. دواتر کاتێ دایکی داوای هەندێ پارەی لێ کردبوو، دەیڤد ڕەتیکردبووەوە بیداتێ. دەیڤد دایکی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە قەحبەیە، لاوازە، خۆپەرستە و ئالودەی هیرۆیینە. هەر بە وێنەی دایکی، دەیڤد گلەوگازندەی ئەوەی دەکرد کە هاوژینەکەشی، هەم لاوازە و هەم پشتی بە داهات و ماڵی وی بەستووە.

دەیڤد دەیگوت پێیوابووە ژنان دەبێت خاکی و خۆنەویست بن، بەڵام لەڕاستییدا ئەوان متمانەیان پێناکرێت، لوتبەرز و چەپەڵن. لە گۆشەی گرووپەکەوە، دوو خوێندنەوەی ترم بۆ پرسەکەی دەیڤد کرد. یەکیان ئەوە بوو وا، شەرمکردنی دەیڤد لە هاوژینەکەی بەبۆنەی قسەوقسەڵۆکی ئەوانیترەوە نەبوو، بەڵکو حوکم و بڕیاری خۆی بوو. ئەویتریشیان بۆ جەختکردنەوەی دەیڤد بوو بۆ هاوڕێکانی لەسەر ئەوەی کە، ئەم هاوبەشیی هیچیەک لە هەڵەکانی هاوژینەکەی نەکردووە. [بەڵام] ڕێک پێچەوانەی ئەم زێدەجەختکردنەوەیە ڕاستبوو: دەیڤد لە هەمبەر چەپەڵی و ئالودەبوونی بە هیرۆیین و متمانەپێنەکراویی خۆیەوە هەستی بە گوناهـ دەکرد. ئەم نمونەیەی دەیڤد پێمان دەڵێ، چۆنچۆنی مە شتەکانی خۆمان دەهاوێژینە سەر ئەویتری ڕەگەزجیاواز. پەیوەندیی دەیڤدیش بە دایکییەوە، بەڵگەیە دەرهەق بە تێڕوانینی وی بۆ کۆی ژنان. چەندین ئەندامی گرووپی تریش، دەربارەی بێهیوابوونیان لە عەشقی دایکئەویتر[9] بۆمان دوواون. یەکێ لەوان ئاماژەی بە باوکی دەیڤد کرد؛ لە ماوەی مناڵیی دەیڤددا، بابی وی گیرابوو. دەیڤدیش گلەوگازندەی ئەوەی نەبوو وا بابی نەیتوانیوە بەباشی بەخێویبکات، بەڵکو ئەوە بوو نەیتوانیوە باش پەروەردەییبکات تاکو کاروپیشەیەکی باش بدۆزێتەوە. ئەو ئەندامە جەختی لەوە دەکردەوە کە چۆن بیروباوەڕی خۆیان ڕۆڵی "دایکانە"یان بۆ ژنان دیاریکردووە؛ بۆنمونە ڕۆڵی هاوسۆزی و گەورەکردنی تاک(مناڵ). دواتر،

[9] M(O)ther

هەندێکی تریش لە گفتوگۆکەدا بەشداربوون و باسی ئەوەیان دەکرد، کە چۆن ژن بۆ ڕۆڵی دایکبوون بچوککراوەتەوە و بووەتە نەفیی پۆتانشیێلیتەی پیاو بۆ بەخێوکردن و هاوسۆز بوون. دەیڤد گوتیشی باوکی سەرمەشق و پرۆتۆتایپی وی بووە لە پیاوێتیدا، بۆیە دەیڤدیش خۆی وەک وی دەهاتە بەرچاو: توند و شەڕەنگێز و نەبەزێنراو. لەڕێی ئەم گفتوگۆ بەکۆمەڵەوە، ئەندامەکان دەیانویست بەردەوام بن لە پرسیارکردن دەرهەق بەو جیاوازییە جێندەرییانەی کە ڕسکاون. زۆرێک لەوان خاون مناڵ بوون، بۆیە دەیانویست دەربارەی گواستنەوەی بیروباوەڕی کێشەداری پیاوبوون و ژنبوون بۆ مناڵەکانیان، باشتر تێبگەن. یەکێ لەو ڕێگایانەی لاکان باسیکردووە، جیابوونەوەیە لە **ئەویتر** (یان تێپەڕاندنی فەنتازیا بنەڕەتییەکە):

ئایا سوبێکت لە کۆرسی شیکارییدا، زیاتر لەوە تێناگات کە وەک هەبوویەک خاوەنی خۆی نیە...ئەویش بەم جۆرە، چیتر تێدەگات کە کۆی بوونی وی، بنایدنراوی خۆیەتی لە [پانتایی] خەیاڵیدا وئایا درککردن بەمەش، تەواو نایخاتە دۆخی نادڵنیاییەوە؟ لێرەدا وا دەکات [خۆی] بۆ یەکێکی تر بنیادبنێتەوە، هەمیسان تووشی لەخۆنامۆبوونێک دێت کە وای کرد خۆی بۆ ئەو یەکەی تر بنیادبنێتەوە. واشی لێدێت ئەم [لەخۆنامۆبوونە] هەر لەڕێی وییەوە نامێنێت(لاکان، ٢٤٩).

لەبنجدا، ئەمە واتە ڕیشەی ئیگۆ یان خود هیچ نیە جگە لە نوقسانییەک، و ئیگۆ جارلەدوایجار لەگەڵ ئەویتردا هاوشووناسدەبێت. سوبێکت لەڕێی "ئارەزووکردن وەک ئەویتر" یان "هەوڵدان بۆ لەوچوون" خۆی درووستدەکات. سەرەنجام و لە کاتی چارەسەردا، پزیشک[دەروونشیکار]ـی لاکانی یارمەتیی نەخۆشەکەی دەدات ئیگۆی خۆی هەڵوەشێنێتەوە. لەمیانی ئەو پرۆسەدا، نەخۆشەکە پرسیار لە شوناس و بڕیار و ئارەزووی خۆی دەکات و، چۆنچۆنیش باوەڕ و ئارەبووی لە ئەوانیترەوە وەرگرتووە. لەمیانی پرۆسەکەدا، نەخۆشەکە تا بێت زیاتر لە ئەویتر دووردەکەوێتەوە. کاتێ چارەسەری دەروونیی تاک و گرووپ دەبەسترێتەوە بە کەشفکردنی نەست و ڕووە خەڵەتێنەرەکانی ئیگۆوە، ئیتر دەتوانرێت باوەڕە دەقگرتووە جێندەرییەکان هەڵبوەشێنرێنەوە. یەک هەنگاوی گرووپ ڕووەو بەرەنگاربوونەوەی تێگەیشتن و گریمانەکانی

دەرهەق بە ڕۆڵە جێندەرییەکان، هاوکاتە لەگەڵ تێگەیشتن لێشیان. بە وەرگرتنی ئەو گریمانانە وەک گریمانە نەک واقیعێکی ئۆبێکتیڤ، نەخۆشەکان دەتوانن لە پاڵنەرە نەستەکییەکانیان ڕووەو پرسی چۆنایەتیی پیاو و ژن، تێبگەن. کارکردن دەنێو ناکۆکییەکانی سوبێکت لەگەڵ ئەویتردا، هەمیشە ئامانجی بنەڕەتیی شیکارکردنی بەکۆمەڵە، و دیاریکردنی شێوەباوەڕی گرووپ و کۆمەڵەکە بە ڕۆڵە جێندەرییەکان یەکێکە لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئەو ئامانجە. ئامانجی شیکارکردنی گرووپ، گۆڕینی پەیوەندیی سوبێکت[نەخۆش]ـە بە ئەویترەوە نەک تەنیا گۆڕینی ئەو دالانەی کە بۆ تێگەیشتن لە ژیانی وەگەڕیاندەخات. بۆنمونە، گەر نەخۆشەکە فێری زمان و زاراوەسازییەکی ئاڵۆز بکرێت، ئەوا هیچ لە مەوزوع ناگۆڕێت و کێشمەکێشەکانی نەخۆشەکە لەگەڵ ئەوانیتردا و جیاوازیی باوەڕەکانیان ڕووننابێتەوە.

## هیستریا و وەسواس[10]

هەمیشە و هەمیشە لە پراکتیزەکانمدا، ئەوەم بۆ ڕووندەبێتەوە وا سوبێکتی پیاوانە وەسواسییە و سوبێکتی ژنانەش هیستریایی؛ هەرچەنە سوبێکتی پیاوانە دەشێ هیستریایی بێت و بەپێچەوانەشەوە. بە پێڕەوی لە دیدێکی لاکانی، گریمانەکەمان بەم جۆرەیە: سوبێکتی پیاوانە و ژنانە، لەپەیوەست بە پێگەی ئۆنتۆلۆژیی بنیادیی عوسابی(هیستریا و وەسواس)یەوە درووستدەبن. لێرەدا بەکورتی باسێک لە جیاوازییەکانی هیستریا و وەسواس دەکەم، بۆ ئەوەی ڕوونبێتەوە چۆنچۆنی ئەو جیاوازییانە کاریگەری دەخەنە سەر تێڕوانینمان بۆ کاتیگۆرییە جێندەرییەکان. بەسادەیی، هیستریا و وەسواس دوو ستراتیژن بۆ مامەڵەکردن بە خەسانەوە، یان لەدەستدانی ژویسانس کاتێ سوبێکت یاسا ڕەمزییەکان ناواخندەکاتەوە و لە دایکئەویتر جیادەبێتەوە. سوبێکتی وەسواس هەوڵدەدات زاڵبێت بەسەر جابوونەوە-خەسان(یان سارێژکردنی ئەو ژویسانسە

[10] ئەگەر هیستریا و وەسواس پێشتر وەک دوو نەخۆشیی ڕووت وەرگیرابن، ئەوا لە دەروونشیکارییدا دوو بونیادیشن. واتە پەیوەندیی مرۆڤن بە بە بوون و واقیعەوە-و.

لەدەستچووە) لەڕێی بنیادنانەوەی خۆیەوە لەپێوەند بە ئۆبێکتی aـەوە: ئۆبێکتەهۆکاری ئارەزوو. یەکێتیی لە ئاستێکی فەنتازیدا دەگەڕێتەوە بۆ سوبێکت، کاتێ ئۆبێکتە لەدەستچووەکەی بۆ دەگەڕێتەوە. لە هەمووی گرنگتر، سوبێکتی وەسواس نکۆڵی لە پەیوەستێتیی خۆی بە ئەویترەوە دەکات و بەم جۆرەش ڕەتیدەکاتەوە ئۆبێکتیa پەیوەندیی ئەویترەوە هەبێت. کەسی وەسواس دەخوازێت دەستی بە چێژێکدا بگات وا پێوەندیی بە خەڵکییەوە نەبێت [و خەڵک تێیدا بەژدارنەبن ]، بۆنمونە دەسپەڕ و بەکارهێنانی دەرمان. تاکو سوبێکتی وەسواس زیاتر درک بە ئۆبێکتی ئارەزووەکەی بکات و بیناسێت، ئەوا ئەویتر (و ئارەزووی ئەویتر) زیاتر بەسەریدا زاڵدەبن-وا لە سوبێکتە وەسواسەکە دەکەن پێیوابێت کە هەر بوونی نیە. نزیکیی کەسی وەسواس لە ئەویترەوە، هەڕەشەیەکە-کە پێش لاکانیش ئێرنست جۆنز باسیکردووە- وا کەسە وەسواسەکە لەڕێی (ئافانسیس)aphanisis[11]ـەوە دەتۆقێنێت: واتە سڕینەوە و ئاوابوونی سوبێکتە[وەسواس]ـەکە. لەبەر ئەو بارگرانییەی aphanisis دەیخاتە سەر سوبێکتە وەسواسەکە، ئەوا هەمیشە لەڕێی "بەمەحاڵکردن"ـی ئارەزووی ئەویترەوە هەوڵدەدات خۆی لە ئەویتر لابدات[بە دەربڕینێکی تر، لەڕێی بەمەحاڵکردنی هەموو ئارەزووەکانی ئەویترەوە، هەوڵدەدات جێیەک بۆ ئارەزووکردن لە ئەویتردا نەهێڵێتەوە. ئەویش لەپێناو سڕینەوەیدا]. بۆنمونە، عاشقی ژنانێک دەبێت کەوا ئەستەمە بۆ ئەم ببن. ستراتیژێکی تری وەسواس بۆ خۆلادان لە ئەویتر، هەوڵی نەهێشتنی ئارەزووە لەودا، ئەویش لەڕێی بەدەمەوەچوونی هەموو داوایەکی. وەها دەخوازێت ئەم دیاری و بەدەمەوەچوونانە شتێک نەهێڵنەوە بۆ ئەوەی ئارەزووبکرێت.

"هەموو شتێک بۆ **ئەویتر**"، ئەمە درووشمی کەسی عوسابیی وەسواسییە. بێگومان هەر واش دەکات، خۆی دەخاتە خولێکی نەبڕاوەی وێرانکردنی ئەویترەوە. [ئەم سوبێکتە] هەرگیز لەوە دڵنیانابێت ئایا **ئەویتر** بوونی ماوە یان نا(لاکان، ٢٠٠١).

---

[11] واتە جۆرێک لە گەیاندن لەڕێی غیاب و نەفییەوە-و.

لەوەش زیاتر، دەرخستنی ئەم درزە سوبێکتیڤە، کە هەم نەست و هەم ئارەزووش دەگرێتەوە، تووشی دڵەڕاوکێ‌ی دەکات، وای لێ دەکات وەکبڵێی هەر بوونی نیە. لە بەرامبەردا، مێیینەی هیستریایی، هەوڵدەدات لەڕێی " بوونبە ئوبێکتیa یان بوونبە ئۆبێکتهۆکاری ئارەزووی ئەویتر"ـەوە بەسەر خەسانەکەیدا زاڵبێت. سوبێکتی هیستریایی خۆی لەگەڵ نوقسانی-ی-لەبووندا و هەستی بەتاڵێتی(درزبردوویی)دا دەگونجێت، هەر بۆیە جێیەک لە دڵی ئەویتردا دەکاتەوە تاکو هەست بە بوونێکی پڕی سوبێکتیڤ بکات، ئەمەش هەر خۆی پەیوەستە بە عەشقەوە. کەسی هیستریایی، ئەویترێکی ئاغاتەبع دەکاتە هاوەڵی خۆی، چونکە وای دادەنێت کە خاوەن مەعریفە و هێزە، ئاوهاش خاوەن ئەو ژویسانسەیە کە ئەم نیەتی. کەسی هیستریایی باوەڕی وایە کە ئەویتر خاوەن ژویسانس(زێدەچێژ)ێکە، ئەمیش بۆ ئەوەی قەرەبووی ژویسانسە لەدەسچووەکەی خۆی بکاتەوە و بەدەستیبێنێتەوە، ئارەزووی ئەویتر دەبزوێنێت[واتە هەوڵدەدات لەلایەن ئەویترەوە ئارەزووبکرێت]. هیستریایی هەوڵدەدات نوقسانییەکەی ئەویتر هەمیشەییبکاتەوە، ئاوهاش دڵنیابێتەوە کە جێ‌ومەحەبەتێکی تایبەتی لای ئەویتر هەیە. تەماشای ئەویتر دەکات تاکو جوابی مەتەڵی شوناسی خۆی بداتەوە. ئەوە ڕوونە کە هیستریاییەکان(و عوسابییەکان بەگشتی) ڕەتیدەکەنەوە ببن بە ژویسانسی ئەویتر؛ پێگەیەک کە پێیانوایە کەمکەرەوە و دوورخەروەیە. لەگەڵ ئەمەدا، هەمیشە هێڵێک لەنێوان ئۆبێکتهۆکاری ئارەزوو و ئۆبێکتهۆکاری ژویسانسدا هەیە. هەوڵی هیستریاییەکان بۆ ئەوەی ئارەزووبکرێن و خۆشبویسترێن، سەر لە بوون بە ئامڕازی ژویسانسی **ئەویتر** دەردێنێت. یەکێك لە ستراتیژەکانیان بۆ خۆدوورگرتن لەو پێگەیە، هێشتنەوەی ئارەزووی ئەویترە بە تێرنەبوویی. لەڕاستیدا هیستریاییەکان بەم جۆرەن: ئارەزووی تێرنەبوونی ئارەزوو دەکەن (لاکان). لەناو کۆمەڵ و گرووپیشدا، هیستریاییەکان عادەتەن گلەوگازندەی ئەوە دەکەن وا وەکپێویست ئارەزووناکرێن، یان بە شێوازێکی هەڵە ئارەزوودەکرێن و بە کەم سەیردەکرێن و وەک ئۆبێکتێک دەقۆزرێنەوە(ئیستیغلالدەکرێن). لە ڕواڵەتدا وا دیارە کە ئارەزووی پیاوان ئەم شانۆییە بەڕێوەدەبن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئەوە ژنە هیستریاییەکان خۆیانن کە

نوسەری کۆی سینارۆکەن. بۆنمونە، ئەو خۆی هاوەڵە ڕۆمانسییەکەی هەڵدەبژێرێت، وای لێ دەکات بەو جۆرەی کە دەیەوێت ئارەزووبکات، دواجاریش لەگەڵ پیاوەکەدا هاوشووناسدەبێت و وەها ئارەزوودەکات وەکبڵێی خۆی پیاوەکەیە. لە پێوەندییەکی ڕۆمانسیدا، پیاوی وەسواس هەوڵدەدات ئارەزووی ژنە هیستریاییەکە  نەهێڵێت، لەکاتێکدا ژنی هیستریایی هەوڵدەدات بەردەوامی بە ئارەزووەکە بدات. سەبارەت بە ڕۆڵە جێندەرییەکانیش، ڕەنگە پیاوی وەسواس بڵێت کە ژنان لەڕادەبەدەر ئارەزوودەکەن و، ڕەنگە ژنی هیستریاییش بڵێت کە پیاوان گوێ بۆ ژنان ناگرن یان ژن تەنیا بۆ تێرکردنی ئارەزوو بەکاردێنن. هەندێ جار، پیاوی وەسواس هاوەڵە هیستریاییەکەی وەک سوبێکتێک نابینێت، بەڵکو پێیوایە بەردەستێکی ژویسانس و ئارەزووی وییە. ژنە هیستریاییەکەش، گلەیی لەمە دەکات(واتە بوون بە بەردەستی ژویسانسی پیاوەکە)، بۆیە ستراتیژێک دەدۆزێتەوە بۆ خۆلادان لێی؛ ئەم خۆلادانەش تەنیا لەڕێی خەیاڵەوە دەکرێت(بۆنمونە وای دادەنێت ئەوە ئەو نیە کە لە جێدا لەگەڵ پیاوەکەدایە). ئەمانە ڕێک گلەییەکانی ژنە هیستریاییەکانن، وان پێیانوایە پیاوان تەریکیاندەخەن و وەک سوبێکتێکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ ناکەن. ڕەتکردنەوەی مێیینەی هیستریایی لەلایەن پیاوی وەسواسەوە، وا لە مێیینەکە دەکات هەستبکات کە ئارەزووناکرێت و خۆشناویسترێت، ئا بەو جۆرەش مێینە لاواز و داماو دێتەبەرچاو. کاتێ ژنە هیستریاییەکە ڕووبەڕووی پیاوە وەسواسەکە دەبێتەوە لەڕێی نوقسانی و ئارەزووەکانی وییەوە(واتە لەڕێی نوقسانی و ئارەزووی پیاوەکەوە)، ئەوا پیاوەکە دووقاتی جارەکانی پێشتر هەوڵدەدات هەم ئارەزووی خۆی و هەم ئارەزووی ئەویش نەهێڵێت. ژنە هیستریاییەکە هەوڵدەدات زاڵبێت بەسەر ئارەزووی پیاوە وەسواسەکەدا، و تەنیا لەم حاڵەتەدا پیاوەکە بە وەزعەکە قایلدەبێت. ئاوها، ژنە هیستریاییەکە دەبێتە ئەو سوبێکتەی هەڵگری نوقسانییە و پێویستی بە پیاوە وەسواسەکەیە، ئەو پیاوەی ئاغاتەبعە و خاوەن مەعریفە و هێز و ژویسانسە. لە کاری گرووپدا و لەگەڵ عوسابییەکاندا-بەتایبەت هیستریاییەکان-، پێویستە ئارەزووە شاراوەکان دەربخرێن و لە ڕیشە و بنەڕەتیان بکۆڵرێتەوە. ئەو گرووپانە وا زۆرینەیان یان هەموویان مێیینەی

هیستریایین، زیاتر پەیوەندییەکانیان بەلاوە گرنگە، بەتایبەت پەیوەندییە ڕۆمانسییەکان لەگەڵ پیاواندا. لە بەرامبەردا، ئەو گرووپانەی وا زۆرینەیان یان هەموویان پیاوی وەسواسن، زیاتر پەیوەندییان بە ئۆبێکتی a ـەوە لەلا گرنگە و چۆنچۆنیش لە ئەویتر دابڕاون. لە لایەکەوە گەرەکە ڕێبەری گرووپەکە تیشک بخاتەسەر پەیوەندیی مێیینە هیستریاییەکان بە ئۆبێکتی a ـەوە، بۆ ئەوەی هۆکاری ئارەزوو و ژویسانسیان دیاریبکرێت. لە لایەکی تریشەوە، گەرەکە پەیوەندیی پیاوە وەسواسەکان بە هاوەڵە ڕۆمانسییەکەیان و ئەویترەوە دیاریبکات. ویڵ پیاوێکە لە کۆتایی بیستەکانی تەمەنیدایە، وی ئاماژە بە گرووپەکەیان دەدا وا تێیدا کەپڵەکەی چەندین جار ئارەزووی خۆی بۆ چوونەدەر بۆ نانی ئێوارە دەربڕیبوو. بەڵام ویڵ نەیدەتوانی بچێت، چونکە دەبوو وی پارهکە بدات و موچەکەشی بۆ نیوە کەمکرابوویەوە. سەرەتا، ویڵ بەتوندی پێداگری لەوە دەکرد لە ماڵەوە بمێننەوە، بەڵام کاتێ بۆ ئێوارەی داهاتووتر دیسان داوایکرد بچنەوە دەر، ویڵ نەیدەزانی چی بکات و چۆن تێیبگەیەنێت کە دەبێ لە ماڵەوە بمێننەوە. ویڵ هێندەی تر شەرمەزار و پەست بووبوو، کاتێ کەپڵەکەی پێشنیاریکردبوو پارەکە بدات بەس بۆ ئەوەی بچنە بۆ نانخواردنەکە. ویڵ دواتر بە هاوڕێکانی گرووپەکەی وتبوو، لەبەر ئەو ڕووداوانە هەستیکردووە لە پیاوێک کەمترە. ئەندامانی گرووپەکە هاوڕا نەبوون لەوەدا کە بۆ ئەوەی پیاو بیت دەبێ پارە بدەیت. گوتیشیان کچەکە بە باری دارایی ویڵی زانیوە و زۆر گوێی نەداوەتێ، پێخۆشحاڵیش بووە کە پارەکە بدات. ئەندامەکان دەیانپرسی باشە بۆچی ویڵ تووڕە و شەرمەزار بووە، لەکاتێکدا کچەکە لە بارودۆخی وی تێگەیشتووە. بەپێی گوتەکانی ویڵ، وا دیارە ویڵ بەرامبەر ئارەزووی بەردەوامی کەپڵەکەی بۆ چوونەدەر، تووشی دڵەڕاوکێ[12] و تووڕەیی هاتووە. ویڵ دەیخواست هەموو ئارەزووەکانی کەپڵەکەی بێنێتەدی، زۆریشی پێخۆشبوو بەرامبەر کەسێکە وا [بە مانا تیۆرییەکەی] نوقسانە. بەڵام بە بینینی خۆی وەک نوقسانێک، هەستی بە شەرمەزاری دەکرد. ویڵ ئەوەشی گوت کە لە سەروەختی مناڵیدا باوکی بێکاروکەسابەت بووە و دایکیشی(کە ئەویش هیچ

[12] anxiety

کارێکی نەبوو و خەریکی بەخێوکردنی چوار مناڵ بوو)، هەمیشە بە باوکی ویڵی ڕادەبوارد چونکە نەیدەتوانی پێویستی و ئارەزووەکانی خێزانەکەیان بێنێتەجێ. دایکی دەبوو قەرز لە ماڵەباوانی بکات بۆ ئەوەی ژیانیان بچێتەڕێوە، ویڵیش لەو مەعبێنەدا تێمابوو، نەیدەزانی لای باوکی بگرێت یان دایکی. ویڵ بەو هەژارییەی خێزانەکەیان شەرمەندە دەبوو، هاوشێوەی دایکیشی گلەیی لە باوکی دەکرد چونکە "وەک پێویست پیاو نەبوو" بۆ ئەوەی کاروکەسابەتێک بدۆزێتەوە و لەسەری بمێنێتەوە. خۆ ویڵ گلەیی لە دایکیشی دەکرد چونکە زۆر ڕەق بوو لەگەڵ باوکیدا. جیم وەک منالێک، هیوای دەخواست هەندێ پارەی ئاسن لەسەر ئەرز بدۆزێتەوە و بیداتە باوکی، بۆ ئەوەی کەمێ پێگەی باوکی کەمێ لای دایکی بەرزبێتەوە. ئێ ویڵ ئەم بابەتەی پەیوەستکردەوە بە ئارەزووەکانی کەپڵەکەی و نوقسانییەکەی خۆیەوە.

## دەرئەنجام

لە ئەنجامدا، پرۆسەکانی گرووپ-ئیتر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ- تێڕوانینی وانمان بۆ پرسی جیاوازی و ڕۆڵە جێندەرییەکان، بۆ ڕووندەکاتەوە. خستەنەبەرباسی ئەم تێڕوانینانە، نەک تەنیا یارمەتیی ئەندامانی گرووپەکە دەدات ژیان و پەیوەندییەکانیان بە ئەوانترەوە بخەنە ژێر پرسیار، بەڵکو یارمەتیشیان دەدات لە ستریۆتایپە نەریتییەکان دەرچن. تێڕوانین و باوەڕی تاکی نەخۆش دەرهەق بە ڕەگەزی بەرامبەر یان ڕەگەزی خۆی، ڕەنگدەرەوەی ئەزموونەکانی وییەوە لەگەڵ باوانیدا لە هەرتک ڕەگەز. ئاوهاش، شتێکی مومکین و ئاساییە نەخۆشەکان ئەو شتانەی لە خۆیاندا بەدڵیان نیە، بیهاوێژنە سەر ئەویتری ڕەگەز جیاواز. ئەوەی کە چارەسەری نەخۆشییەکان دەکات، دەبێ ئەندامەکان هانبدات بۆ ئەوەی ڕیشە و مانای ستریۆتایپە جێندەرییەکانی گرووپەکە هەڵتەکێنن. ئەویش چونکە تێڕوانینی نەخۆش بۆ جیاوازی و نۆرمە جێندەرییەکان، تێهەڵکێشە لەگەڵ پەیوەندیی وی بە ئەوانیتر و دینامیکی خێزانییەوە. گەرەکە ڕێبەری گرووپەکە بزانێت [ئەندامەکانی] چ جۆرە سوبێکتێکن؛ دەروونپەشێو، لادەر یان عوسابی. ئەویش بۆ ئەوەی زیاتر

سوبێکتی وەسواس و هیستریایی لێکجیابکاتەوە(بروس فینک). ئەم نوسینەش، خۆ لەو باسە نادات کە جێندەر چ ڕۆڵێکی لەو گرووپانەدا هەیە وا دەروونپەشێو یاخۆ لادەریان تێدایە. لێکۆڵینەوەی دەروونپزیشکانە یان دەروونشیاکارانە بۆ کاری گرووپ و کۆمەڵ، زیاتر مل بۆ عوساب دەنێت. تێڕوانینی سوبێکتی وەسواس و هیستریایی بۆ ئەویتری هەمان ڕەگەز یان جیاواز، لەپەیوەست بە پێگە بونیادییەکەیانەوە بەتەنیشت ئەویترەوە درووستدەبێت. ئاوها، چارەسەرکەرەکە دەبێ پەیوەندیی وەسواس و هیستریایی بە **ئەویتر**ەوە دیاریبکات و بواری لێکدانەوە و گوێگرتن بڕەخسێنێت. بۆنمونە کاتێ مێیینەیەکی گرووپ گلەیی ئەوە دەکات وا لەلایەن نێرینەکانەوە ئارەزووناکرێت، پێویستە چارەسەرکەرکە ئەمە تەنیا وەک پرسێکی مێژوویی مێیینەکە نەبینێت، بەڵکو گەرەکە پەیوەستیکاتەوە بە پێگە بونیادییەکەیەوە وەک هیستریاییەک. مادەم وی هیستریاییە، تا بەیانی پێی بڵێیت کە ئەوانیتر ئارەزووتدەکەن، هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت. لەجیاتیدا، کاتێ گرووپێک پڕیەتی لە مێینەی هیستریایی، دەبێ چارەسەرکەرەکە وا بکات مێیینەکە ئارەزووەکانی بخاتەڕوو و چۆنچۆنیش وەک  هاوەڵە ڕۆمانسییەکەی ئارەزوودەکات. لە لایەکی ترەوە، ڕێبەری گرووپەکە دەبێ پەیوەندییەکانی نێرینەی وەسواس بە **ئەویتر** و هاوەڵە ڕۆمانسییەکەیەوە بکاتە ئامانج. مادەم مۆدی چارەسەری دەروونیی قسەکردنە، ئەوا ژویسانسەکەی **تر** بە دەگمەن لە پرۆسەکاندا خۆی دەردەخات(وەکبڵێی لە پەراوێز و لێواری گوتاردایە). بۆیە ژویسانسەکەی **تر** تەنیا شتێکی دەرنەبڕدراوە و پەیوەستە بە سوبێکتی ژنانەوە. ئاواهی ڕۆڵی ڕێبەرێکە یارمەتیدانی ئەندامەکانە لە دۆزینەوەی ئارەزووەکانیاندا و، هەوڵبدات تێبگەن کە چۆنچۆنی ئەزموونی ژویسانسی فالوسی دەکەن. کاتێ گرووپەکە دەستەویەخەدەبنەوە لەگەڵ پرۆسە نەستەکییەکان، ژویسانسی فالوسی، ئارەزوو و باوەڕە جێندەرییەکان؛ ئەوا ئاسانتر دەتوانن کار لەسەر جیابوونەوەی ئەندامەکان لە ئەویتر بکەن. بە قبوڵنەکردنی دۆخی ئەودەم و نۆرمە جێندەرییەکان لە ئاستێکی بەهاییدا و خستنە ژێر پرسیاریان، و تێبگەن لەوەی چۆنچۆنی

کاریگەری دەخەنە سەر نەخۆشەکان وەک تاک[بەش] و گرووپەکەش  وەک **گشت**ێک، ئەوا باشتر دەتوانن خۆیان و ئارەزووەکانیان لە **ئەویتر** وەربگرنەوە.

سەرچاوە:

S/he Stole My Jouissance: A Lacanian Approach to Gender in the Group: Stephanie Swales-Group , FALL 2011, Vol. 35, No. 3.